# بۆ کۆنگرەی فیدراسیۆن گرنگە؟

ئاسۆ گۆران



پێش ئەوەی بچمە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەم پێم خۆشە تاریخچەیەک لە کارو هەڵسوڕانەکانی فیدراسۆن باس بکەم.
لەمێژووی دروستبوونی ئەم ڕێکخراوەوە تا ئێستا خاوەنی خەرمانێک کارو هەڵسوڕانە کە سەرجەمیان لە پێناو باشترکردنی ژیانی پەنابەراندا بووە.
لە دوای جەنگی کەنداو ڕاپەڕینی ئاداری1991 خەڵکی عیراق و کوردستان بەڵێشاو کەوتنە دوای قەدەری سەفەرو زۆربەی کەمپەکانی ئەوروپا و دەوڵەتەکانی دراوسێی عێراق پڕبوون لە خەڵکی کۆمەڵگایەک کە بنەماکانی ژیانی تێدا نەمابوو، بۆیە دروست بوونی فیدراسیۆن لەو ڕۆژگارەدا وەڵامێک بوو بە پێویستیەکانی پەنابەران.
ئەوسەردەمانەی بەشێک لە پەنابەران دەبوونە خۆراکی نەهەنگەکانی دەریاو بەشێکیش بە دیار چاوەڕوانی درێژی قبوولەوە لەکەمپەکانی پەنابەراندا ڕۆژگاریان دەژمارد ئەمە جگە لە هەڕەشەی بەردەوامی دیپۆرت کردنەوەو ترسانی هەمیشەیی بەدەست پۆلیسەوە.ئەو سەردەمە لەناو جەرگەی ئەو هەموو پێویستیانەدا فیدراسیۆن خۆی خەملاندوو ڕسکاو هاتە ناو مەیدانی خەباتەوە.
هەر دروست لەوساتانەوە وەک ڕێکخراوێکی راستگۆو هەڵسوڕاو خۆشەویست هەمیشەو زۆر جدی بەدوای وەڵامی سیاسیەوە بووە لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتانی ئەوروپاداو لەلایەکی تریشەوە بەدوای چارەنوسی ئەو پەنابەرانەوە بوو کەخۆیان داوەتە دەست بڕیاروو سیاسەتە نا جێگیرو نا ئینسانیەکانی ( UN).
فیدراسیۆن لەو ساتەوەی وەک ڕێکخراوێک خۆی عەلەنی کرد بە هەزاران تەلێکس و سەدان خۆپیشاندان وسەدان سەردانی کەمپەکان و دەیان دانیشتن لەگەڵ وەزارەتەکانی کۆچ وئەحزابی سیاسی و ئەندام پەرلەمان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی ڕێکخراوە ئینسانی وئازادیخوازەکان و ڕێکخراوە کرێکاری وئینسان دۆستەکان و،دانیشتنی بەردەوام لەگەڵ( UN) سازکردوەو سازمەندەی بوە .
لە هەمووئەمانەش گرنگتر سەردانی سکرتێری گشتی ئەوسای فیدراسیۆن هاوڕێی ئازیز (ڕێبوار عارف) بۆ ئیتالیا بەدوای ڕووداوی خنکانی 35 پەنابەری کورد لە دەریا سەرسەخت و شەپۆلاویەکانی سنوری نێوان تورکیاو ئیتالیا تا کۆمەک بەدۆزینەوەی تەرماکانیان بکات هەر ئەو کاتە چەندین بەیاننامەی لەسەر دەرکرد ڕوو بە ڕای گشتی نێودەوڵەتی. بەیانی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ناردنەوە تەرمی ئەو ئازیزانەی کە بێ ئومێدی و نائارامی کۆمەڵگا دابویانە دەست قەدەری سەفەر تەنها ڕێکخراو بووین کە بەدوای ئەوهەموو پێداویستیانەوە بووین.
کارێکی تری گرنگی ئێمە سەردانی سکرتێری گشتی هاوڕێ( دەشتی جەمال) بوو بۆ پەرلمانی ئەوروپا لە ساڵی 2006لە سەرمەسەلەی پەنابەران.
ئەمانە مشتێکن لەخەرمانی کارەکانی فیدراسیۆن و مێژویەکی درەخشانی ئەم ڕێکخراوە.
یەکێک لە خاڵە جەوهەریەکانی فیدراسیۆن لە ئێستادا هاتنە پێشەوەی ئەم ڕێکخراوەیە بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرە لەم ساڵداو ئەمەش باشترین فورسەتە بۆ هەموو ئەوکەسانەی کەمەسەلەی پەنابەرانیان بۆ گرنگەو پێی حەساسن تێیدا بەشداری بکەن وبە ڕەخنەو پێشنیارەکانیان دەوڵەمەندو بەهێزی بکەن .

ئەوەی بۆکۆنگرە گرنگە کە مەبەستی منە لەم نوسینەدا، لێرەوە دێمە سەرباسی ئەسڵی بابەتەکە.
ئەوەیە فیدراسیۆن بە دەستێکی پڕو مێژویەکی درەخشانەوە دەچێتە ناو یەکەم کۆنگرەوە بەتایبەت لەکاتێکدا کە بە مێژووی وڵاتێکی وەک عێراق ئەم سەرگەردانی و ئەو بێ ئومێدیەی بە خۆیەوە نەبینیوە، وە جۆری داگیرکاریش قەد لەم شکڵەدا پیادەنەکراوە، مرۆڤیش قەد لەم کۆمەڵگایەدا ئەوا بێپرەنسیپ نەبووە سەڕەڕای ئەمانەش قەد مەزهەب لە عێراق و کوردستانیشدا ئەوەندە توونـد نەبوە کە بەبەرچاوی کامێراوە ئینسان سەرببڕدرێت یان ئینسان بەردەباران بکریت.

لەبەر ئەو هۆیانەیە کە ڕۆژانە لێشاوی سەفەرکردن زۆرو زۆرتردەبێت هەموو چین وتوێژێک دەیانەوێت لەدەست مەرگ هەڵبێن و لەو میحنەتە ڕزگاریان بێت
ئەمانەیە ئەرکی ئێمەیان قورسکردوەو فیدراسیۆنی بۆ ناوکۆنگرەیەک ڕاکێشاوە کە زۆر گرنگ و پێویستە دەبێت هەر ئێستا سازماندەی ئەو هەمو پێویستیانە ڕێکبخات کە کۆمەڵگایەک ڕووبەڕوی بۆتەوە.
سەرەڕای ئەوەی کە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا بەردەوام مافی پەنابەری بەرتەسک و قورستر دەکەن فشاری زۆرتر بۆ پەنابەران دەهێنن تا لەمافەسەرتایەکانیان بەهەرەمەند نەبن. سەرەڕای سەختکردنەوەی بەیەکگەیشتنی خێزانی و کەم کردنەوەی پێویستیەکانی پەنابەری و بەهێز بوونی سیاسەتی ڕاسیستی.
وە کەمترین پێبەخشینی مافی پەنابەری لە بنکەکانی (UN)لە وڵاتانی دراوسێی عێراق.
سەرەڕای سەفەری بێشوماری خەڵکی عێراق و ڕووکردنە بنکلەکانی (UN) جا بۆیە من پێم وایە لە هەموو کاتێک زیاتر ئەم کۆنگرەیە لە ئێستادا پێویستەو گرنگە هەموومان بە دڵێکی گەورەو ڕوحێکی ئینسانیەوە ڕوو لە دەرگای کۆنگرە بکەین و تێیدا بەشداری بکەین و پێکەوە بەندو بڕگەکانی کۆنگرە بەهێزوو شەفافتر بکەین.
وەرن با گرنگی ئەم کۆنگرەیە لە دەست نەدین و ئەم فورسەتە سود لێوەربگرین تا بتوانین وەڵامی پێداویستیەکانی پەنابەران بدەینەوە.

بەخێربێن و رێز لە ئامادەبوون و بەشداریکردنتان دەگرین.

ئاسۆ گۆران/ئەندامی سکرتاریەتی فیدراسێۆن پەنابەرانی عێراق.

16-08-2007